euaa
EUROPEAN UNION
AGENCY FOR ASYLUM

هۆڵەندی

# چی دەبێت بزانیت سەبارەت بە پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی



KURDISH (SORANI)

**تۆ ئێستا لە هۆڵەندی، کە وڵاتێکی یەکێتی ئەوروپا.**
**وڵاتەکانی یەکێتی ئەوروپا ئەمانەن:**

27 وڵاتی ئەندامی یەکیتی ئەوروپا (EU): نەمسا، بەلجیکا، بولگاریا، کرواتیا، قبرص، چیک، دانمارک، ئیستۆنیا، فنلاند، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیتاڵیا، لاتیڤیا، لیتوانیا، لوکسمبورگ، ماڵتا، هۆڵەندا، پۆڵەندا، پورتوگاڵ، کۆماری ئێرلەندا، رۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید و

4 وڵاتی دیکە: ئایسلاند، لێختنشتاین، نەرویج و سویسرا

## ناوەڕۆک


پاراستنی نێودەوڵەتەی (پەنابەری) چییە؟ 3

ڕێکارەکانی پەنابەری چیە؟ 4

- کەی و لەکویێ تۆمارکردن و پرۆسەی ناردنی داواکارێکەت دێتە جێبەجێ کردن؟ 6
- چی ڕوودەدات لە کاتی تۆمارکردن و پرۆسەی ناردنی داواکارێکە؟ 7
- ئەو ڕێکارە چیە ئەگەر هاتیت لەگەڵ منداڵێکدا یان کەسێکی پێگەیشتووی سەربەخۆ؟ 10
- چ وڵاتێک پیاچوونەوە بۆ داواکارییەکەت ئەکات؟ 11
- چۆن داواکارێکەت پیاچوونەوەی بۆ ئەکرێت؟ 12
- چۆن ئەو بڕیارەی لەسەر داواکاری پاراستنی نیودەوڵەتێکەتە وەردەگریت؟ 14

مافەکانت چین؟ 15

ئەرکەکانت چین؟ 19

ئەۆ دەرئەنجامانە چین کە توشت دەبێت ئەگەر ئەرکەکانت جێبەجێ نەکرێن؟ 23

چۆن دەسەڵاتداران ڕەچاوی پێداویستیە تایبەتەکان دەکەن؟ 25

پشکنینی تەندروستی 25

چی دەبێت ئەگەر بتەوێت بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت؟ 26

## پاراستنی نێودەوڵەتی چیە؟

دەکرێت پاراستنی نێودەوڵەتیت پێویست بێت ئەگەر نەتوانی بگەڕێیتەوە ووڵاتەکەت لە ترسی چەوسانەوە و یان تووشی مەترسی ڕاستەقینە و ئازاردانی گەورە ببیت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، بۆ نموونە، کە ژیانت و ئازادیت لە مەترسیدا بێت و دەسەڵاتدارانی ووڵاتەکەت ناتپارێزێت لەو مەترسیەی کە تووشت دەبێت.

مافی خۆتە کە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەیت.

لە ئەوروپا، دەکرێت پاراستنی نێودەوڵەتی چەند شێوازێک وەربگرێت: **باری پەنابەری** یان **پاراستنی لاوەکی**.

هەروەها پاراستنی نێودەوڵەتی پێی دەڵێن پەنابەری.



## ڕێکارەکانی پەنابەری چین؟

لە ماوەی ڕێکاری پەنابەریدا، دەسەڵاتدارەکان هەڵسەنگاندن دەکەن ئەگەر پاراستنی نێودەوڵەتیت پێویست بێت و، ئەگەر وابوو، چ جۆرە پاراستنێک شیاوە بۆ تۆ.


لە ڕێکارەکەدا، دەرفەتی ئەوەت دەبێت کە هەموو ئەو هۆکارانە بخەیتە ڕوو کە بۆ ماڵ و وڵاتی ڕەسەنت جێهێشتووە. ئاگاداری ئەفسەرەکان بکەرەوە بە ڕاشکاوی لەسەر ئەو هۆکارانەی بووە هۆی جێهێشتنی وڵاتەکەت.

بە داواکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی، تۆ بە پەنا خواز دادەنرێیت.



هەر زانیاریەک بڵاوی دەکەیتەوە لەگەڵ دەسەڵاتداراندا بە نهێنی دەپارێزرێت. ئەم زانیاریە هەرگیز بڵاوناکرێتەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی تۆ داوای پاراستنیان لێ دەکەیت.

ڕێکاری پەنابەرێکە ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە.



## کەی و لە کوێ تۆمارکردنەکەو ناردنی داواکاریەکە ڕوودەدەن؟

هەر کە داوات لە دەسەڵاتداران کرد بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی، داواکاریەکەت تۆماردەکرێت و دەنێردرێت لە هەمان ڕۆژو هەمان شوێن دا. تۆماردەکرێت و دەنێردرێت لەلایەن خزمەتگوزاری کۆچبەری وهاووڵاتیبون [IND]




زۆر گرنگە ناردنی داواکاریەکەت تەواو بکەیت. ئەگەر شکستت هێنا لە تەواو کردنی داواکاریەکە، داواکاریەکەت پوچەڵ دەبێتەوە، مەگەر هۆکاری ئەو شکستیە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆتدا نەبێت. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە پێگەی خۆت وەک داواکار، مافی یارمەتی و خزمەتگوزارێکان و مافی مانەوەت لەم وولاتەدا لەدەست دەدەیت.

## چی ڕوودەدات لە ماوەی تۆمارکردن و ناردنی داواکاریێکە؟

**تۆمارکردن و ناردن ئەم لایەنانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە.**



پەنجە مۆرت لێ وەردەگیرێت.



وێنەت دەگیرێت.




داوات لێدەکرێت کە هەموو پێناسەکانت پێشکەش بکەیت، دۆکیومێنتی گەشت کردن و هەر دۆکیومێنتێکی پەیوەندیداری تر.



داوات لێ دەکرێت ووردەکاریە تایبەتەکانتمان پێ بدەیت.
هەروەها داوات لێ دەکرێت سەبارەت بە هەر ئەندامێکی خێزانت
کە لەم وولاتەدا نیبشتەجێن یان وولاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا.
جگە لەوەش پرسیارت لێدەکرێت سەبارەت بە وڵاتی ڕەسەن و
گەشتەکەت بۆ هۆڵەندا.



داوات لێ دەکرێت ووردەکاری پەیوەندیکردنت (ناونیشان، ژمارەی
تەلەفۆن و ئیمەیڵت)بدەیت.



لەوانەیە خۆت و کەل و پەلەکانت بگەڕێن. کەل و پەلی تایبەتی
خۆت بە موڵکی خۆت دەمێنێتەوە و دەگەڕینرێتەوە بۆ خۆت، جگە
لە هەندێ شت کە بە مەترسیداردادەنرێت.



لەوانەیە پشکنینی پزیشکی ئەنجام بدەیت.

داوات لێ دەکرێت کە هەموو زانیارێکان و دۆکیومێنتە بەردەستەکان پێشکەش بکەیت بۆ پاڵپشتی کردنی داواکارێکەت. ئەمە ئەو زانیاری و دۆکیومێنتانە دەگرێتەوە سەبارەت بە:



- وولاتی خۆت و هەموو ئەو وولاتانەی کە تیایاندا ژیاویت.
- ئەو هۆکارانەی وایان کرد وولأتەکەت جیبهێڵیت و بۆ ناتەوێت بگەرێیتەوە بۆی.
- زانیاری لەسەر ئەسڵی خۆت و خێزانت.
- ووردەکارێکانی گەشتەکەت بۆ ئەوروپا و لە ناو ئەوروپا
- هەر داواکاریەکی پێشوو بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی.

ڕێکخستنی ئەم هەنگاوانە دەکرێت جیاواز بێت بەڵام هەموو داواکاران بەهەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. داتا کۆکراوەکان بە شێوەیەکی سەلامەت هەڵدەگیرێت لە داتا بەیسە نێودەوڵەتییەکان و داتا بەیسی ئەوروپاشدا.

ئەرکی سەر شانتەو بۆ ئەو پەڕی بەرژەوەندی خۆتە کە ڕاستی بڵێیت و هاوکاری بکەیت لەگەڵ دەسەڵاتداراندا.

بەڵگەنامەیەکت پێدەگات کە ڕێگەت پێدەدات بیسەلمێنیت کە داواکاری پەنابەریت پێشکەش کردووە و ڕێگەت پێدراوە چاوەڕێی بڕیار لەسەر داواکارییەکەت بکەیت لە هۆڵەندا. سەرەتا نامەیەکتان پێدەگات سەبارەت بەم بابەتە؛ دواتر، کارتێک وەردەگریت.

پێویستە ئەم بەڵگەنامەیە لە هەموو کاتێکدا لەگەڵ خۆتدا هەڵبگریت.



## ئەو ڕێکارو ڕێو شوێنانە چین ئەگەر هاتیت بە منداڵەوە یان بە کەسێکە پێگەیشتووی سەربەخۆوە؟

ئەگەر هاتیت بە:

- منداڵەکانت ژێر تەمەنی 18 ساڵن، یان
- منداڵانی ژێر تەمەنی 18 ساڵی کە بە شێوەیەکی یاسایی خۆت بەرپرسیاریت لێیان.

پێویستە ئەوانیش داواکاری پێشەکەش بکەن بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی. دەبێت منداڵان لەگەڵ خۆتدا بچن بۆ لای دەسەڵاتداران.

ئەگەر منداڵەکانت 18 ساڵ بوون یان زیاتر، ئەوە دەبێت خۆیان داواکارییەکانیان بنێرن.





ئەگەر لێپرسراوی کەسێک بوویت کە تەمەنی 18 ساڵ بوو یان زیاتر و کەم ئەندامێتی هەبوو کە ڕێگر بێت لە بڕیارداندا، ڕەنگە خۆت داواکارییەکانیان بۆ پێشکەش بکەیت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتیی و هەروەها ناردنی داواکارییەکانیش لە بری ئەوان.

ئەو کەسە دەبێت لەگەڵتدا بێت لە کاتی ناردنی داواکارییەکانیان.



## چ وولاتێک داواکارییەکەت دەپشکنێت؟

گەرەنتی ئەوەت هەیە کە وولاتی یەکێتی پشکنینی داواکارێکەت دەکات بۆ پاراستنی نێودەولەتی. خۆت ناتوانیت وولاتەکە هەڵبژێریت.

دەسەلاتداران پابەندن بە رێکارێکەوە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی چ وولاتێکی یەکێتی ئەوروپا لێپرسراوە لە داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەولەتی. ئەمە پێی دەلێن رێکاری دیاریکردنی لێپرسراوێتی.




بۆ ئەم ئامانجە، پێویستە بە دەسەلاتداران ئەمانەی لای خوارەوە بلێیت.

- ئەگەر ئەندامێکی خێزانت هەبێت لە وولاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا.
- ئەگەر وولاتێکی تری یەکێئتی ئەوروپا ڤیزای پێ دابیت یان دۆکیومێنتی نیشتەجێبوون لە کۆندا. (ڤیزا رێگەت دەداتێ سەردانی وولاتێک بکەیت. ئەمە دەکرێت مۆرێک بێت لە پاسپۆرتەکەتدا. دۆکیومێنتی نیشتەجێبوون دۆکیومینتێکە رێگە دەدات کە بمێنیتەوە لە وولاتەکەدا)
- ئەگەر پێشتر داخڵ بووبێتی لەیەکێک لە وولاتانی یەکێتی ئەوروپا.
- ئەگەر هەر ئێستا داواکاری پاراستنی نێودەولەتیت پێشکەش کردبێت لە وولاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا.
- ئەگەر وولاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا دبلۆمایەک یان بڕوانامەیەکی خوێندنی بۆ دەرکردبێتیت.

ئەگەر دەسەلاتداران لەو باوەڕەدا بوون کە وولاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا لەوانەیە لێپرسراو بێت بۆ پیاچوونەوەی داواکاریەکەت، زانیاری ووردی زیاتر وەردەگرین لەسەر رێکارو ئەرک و مافەکانت.

دەتوانیت زانیاری زیاتر وەربگریت لەناملکەیەکی تردا.

## چۆن داواکاریەکەت پیاچوونەوەی بۆ دەکرێت؟

**پشکنینی وەرگرتن.**

لە هەندێ بارودۆخدا، پیاچوونەوەی پێشووترهەیە بۆ داواکاریەکەت.

ئەم پیاچوونەوەی پێشووترە پێی دەوترێت پیاچوونەوەی وەرگرتن و هەتا 2 مانگ دەخایەنێت.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دەسەڵاتداران یەکەم پشکنینی ئەم پێنج پرسیارەی لای خوارەوە دەکەن.

- ئایا پاراستنی نێودەوڵەتی لە وولاتێکی تری یەکێتی ئەوروپا وەرگرتووە؟
- ئایا ئێستا پاراستنی نێودەوڵەتیت وەرگرتووە لە وولاتێک کە لە ئەکێتی ئەوروپا نەبێت، کە تیایدا سەلامەت بیت و بتوانیت بگەڕێیتەوە.
- ئایا دەتوانیت وەربگیرێیتەوە لە وولاتێکدا کە تیایدا سەلامەت بیت و داواکارێکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی پشکنینی بۆ بکرێت؟
- ئایا داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەیت زیاتر لە 7 ڕۆژ لە دوای وەرگرتنی بڕیاری گەڕانەوە؟
- ئایا دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی یان دادگا گواستنەوەی سەلامەتی بۆ دەستەبەرکردوویت بۆ وولاتێکی دیکە یان دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی یان دادگا لە پرۆسەی ئەنجام دانی ئەوە دایە؟



لەوانەیە بانگهێشت بکرێیت بۆ چاوپێکەوتنێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە. ئەمە پێی دەوترێت چاوپێکەوتنی وەرگرتن. لە ماوەی ئەم چاوپێکەوتندا، لەوانەیە پرسیاری ئەوەت لێبکرێت کە بۆ داواکاریت پێشکەش کردووە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و کە بۆ ناتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ وولاتی خۆت.

بە پشت بەستن بە بارودۆخەکەت بە پێی ئەو پرسیارانەی لای سەرەوە:

- دەکرێت داواکارێکەت ڕەت بکرێتەوە، یان
- ڕێکارەکە بەردەوام دەبێت و دەسەڵاتداران پشکنینی ئەوە دەکەن ئەگەر پێویستیت بە پاراستنی نێودەوڵەتی هەبێت.

IND اگادارت دەکاتەوە ئەگەر پیاچونەوەی وەرگرتنەکە جێبەجێ بکرێت بەسەر تۆدا و ڕوونکردنەوەی زیاتر دەستەبەر دەکرێت.

دەسەڵاتداران پیاچوونەوەی ئەوە دەکەن ئەگەر پێویستیت بە پاراستنی نێودەوڵەتی هەبێت.



بانگهێشت دەکرێیت بۆ **چاوپێکەوتنی تایبەتی**

بانگهێشتکردنەکە وەردەگریت بەدەستی خۆت.

ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ خۆتدا دەکرێت یان، لە حاڵەتی تایبەتی، لە دوورەوە.

چاوپێکەوتنەکە تۆماری دەنگی دەکرێت.

چاوپێکەوتنەکە دەرفەتێکە بۆت بۆ پێشکەشکردنی ئەو هۆکارانەی وای کردووە داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بکەیت بە ووردی و کە بۆ ناتەوێت بگەڕێیتەوە ووڵاتی خۆت.
دەبێت ئامادەی چاوپێکەوتنی تایبەتی ببیت و لەکاتی خۆیدا بگەیت. ئەگەر ئامادەی چاوپێکەوتنە تایبەتیەکە نەبیت بەبێ هەبوونی هۆکارێکی جدی و ڕەوا، ئەوە داواکاریەکەت بە ڕەتکراوە حیساب دەکرێت و کەیسەکەت چیتر پیاچونەوەی بۆ ناکرێتەوە. ئەگەروەڵامی ئەو پرسیارانە نەدەیتەوە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا بێ هۆکارێکی جدی، داواکاریەکەت هەر بە ڕەت کراوە حیساب دەکرێت.

هەر داواکارێکی پێگەیشتوو بە جیا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێت.

منداڵەکانیشت دەرفەتی چاوپێکەوتنیان پێ دەدرێت.

لە دوای چاوپێکەوتنی تایبەتی، داواکاریەکەت هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. دەسەڵاتداران بڕیار دەدەن کە ئەگەر پاراستنی نێودەوڵەتی وەربگریت یان نا.

لە بارودۆخە تایبەتەکاندا، چاوپێکەوتنی تایبەتی لەوانەیە نەکرێت. دەسەڵاتداران ئاگادارت دەکەنەوە ئەگەر ئەمە بەسەر تۆدا جێبەجێکرا.



**چەندێک وەخت پێویستە بۆ پشکنینی داواکاریەکەت؟**

ڕێکارەکە تا 6 مانگ دەخایەنێت لەڕۆژی ناردنەکەوە. هەندێک جار، پشکنینەکە زیاتر دەخایەنێت بەڵام نابێت زیاتر لە 21 مانگ بخایەنێت.

## چۆن بڕیار لەسەر داواکاریەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی وەردەگریت؟



بڕیارێکی نووسراو دەنێردرێت بە شێوەی ئەلیکترۆنی دەنێردرێت یان ڕاستەوخۆ دەدرێتە دەستی خۆت یان ڕاوێژکارە یاساییەکەت، ئەگەر هەتبێت. ئاگادار دەکرێیتەوە لەسەر دەرئەنجامەکانی بڕیارەکە بەو زمانەی لیی تێدەگەیت.

ئەگەر بڕیارەکە نەرێنی بوو، هۆکارەکان ڕوون دەکرێنەوە لە بڕیارەکەدا و بڕیارێکیش بۆت دەردەچێت کە بگەڕێیتەوە بۆ وولاتەکەت.

### ئەگەری تێهەڵچوونەوە



ئەگەر ڕازی نەبوویت بە بڕیارەکە، دەتوانیت تێهەڵچوونەوەی بۆ بکەیت. ئەمەش بەو مانایەیە کە دادگایەک پێداچوونەوە بە بڕیارەکەدا دەکات. دەتوانیت داوای ڕاوێژکارێکی یاسایی بێ بەرامبەر بکەیت بۆ یارمەتیدانت لە تێهەڵچوونەوە لە بڕیارەکە.

پێویستە تێهەڵچوونەوەکە پێشکەش بکەیت لە نێوان ماوەیەکی دیاریکراو کە لە بڕیارەکەدا نووسراوە. زانیاریووردی زیاتر وەردەگریت سەبارەت بەمە ئەگەر بڕیاری نەرێنی وەربگریت.

ئەگەر داواکاریت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و تێهەڵچوونەوەکەش ڕەت کرانەوە، و مافی مانەوەت نەبێت بۆ هۆکاری تر، ئەوە دەبێت شوێنەکە جێ بهێڵیت هۆڵەندی لەو بەروارەی دەست نیشان کراوە ئەگەر بە وویستی خۆت شوێنەکەت جێنەهێشت، ڕەنگە ناچار بیت بگەڕێیتەوە.

## مافەکانت چین؟

### مافی مانەوەو وەرگرتنی یارمەتی پێشوازی و خزمەتگوزارێکانت هەیە



وەکو داواکارێک بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی، لە بنەمادا مافی مانەوەت هەیە لەو وولاتەی کە لێپرسراوە لە پیاچوونەوەی داواکاریەکەت تا ئەو کاتەی پشکنینەکە تەواو دەبێت.

دەتوانیت زانیاری سەبارەت بە یارمەتی پێشوازی و خزمەتگوزاریانەی وەریدەگریت لەناملیکەیەکی جیادا بدۆزیتەوە.



## مافی وەرگرتنی وەرگێڕانت هەیە



ئەگەر قسەت نەکرد هۆڵەندي، وەرگێڕەکە یارمەتیت دەدات پەیوەندی بکەیت لەگەڵ دەسەڵاتداراندا لە کاتی تۆمارکردن و ناردنی داواکارێکە هەروەها لەکاتی چاوپێکەوتنە تایبەتەکەدا. وەرگێڕەکە بێ بەرامبەرە.

وەرگێڕەکە بێ لایەنە، بە مانای ئەوەی لەسەر هیچ لایەنێک ناکاتەوە. ئەوان رێز لە نهێنی دەگرن و هیچ شتێک بڵاوناکەنەوە کە دەیڵێیت لە دەرەوەی دەسەڵاتدارە پەیوەندیدارەکاندا.

وەرگێڕەکە هیچ کاریگەریەکی نیە لەسەر بڕیاری داواکاریەکەت.

دەست بەجێ ئاگاداری دەسەڵاتداران بکەرەوە ئەگەر لە وەرگێڕەکە تێنەگەیشتیت یان ئەگەر هەستت کرد وەرگێڕەکە بێ لایەن نیە.

**دەتوانیت داوای وەرگێری ئافرەت یان پیاو بکەیت و چاوپێکەوتنکارێک بۆ چاوپێکەوتنە تایبەتەکەت، ئەگەر ئەمە یارمەتی ئەوەت دەدات کە بە تەواوی هەستەکانت دەربڕیت.**



بە پشت بەستن بە هۆکارەکانت و ئەگەر بەردەست بوونی هەبێت، داواکاریەکەت جێبە جێ دەکرێت.

## دەتوانیت ڕاوێژ بە ڕاوێژکارێکی یاسایی (پارێزەر) ێک بکەیت

ڕاوێژکاری یاسایی کەسێکە یارمەتی یاسایی تایبەت و نوێنەرایەتی دەستەبەر دەکات بۆت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتداراندا. ڕاوێژکاری یاسایی سەربەخۆیە لە دەسەڵاتداران و بەرژەوەندیەکانت دەپارێزێت. ڕاوێژکاری یاسایی دەتوانێت یارمەتیت بدات لەگەڵ داواکاریەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی، لەگەڵ ڕێکارەکانی پەنابەری، لەگەڵ پەیوەندیکردنی فەرمی و دەتوانن بمێننەوە لەگەڵت لە کاتی چاوپێکەوتنە تایبەتەکەدا.



مافی خۆتە کە ڕاوێژ بە ڕاوێژکارێکی یاسایی بکەیت لە هەر هەنگاوێکی ڕێکارەکانی پەنابەریدا بێت لەسەر حیسابی خۆت.

دەتوانیت لە کاتی ڕێکاری تانەدان داوای ڕاوێژکاری یاسایی بێ بەرامبەر بکەیت، مەگەر پارەی پێویستت هەبێت بۆ دابینکردنی تێچووی نوێنەرایەتی یاسایی خۆت.

ئەگەر ڕاوێژکارێکی یاسایی دیاریکراوت پێ باشترە، ووردەکاریەکانی پەیوەندیکردنی بدە بە دەسەڵاتداران.

ووردەکاریەکانی ڕاوێژکارە یاساییەکە هاوبەش بکە لەگەڵ دەسەڵاتداراندا بۆ ئەوەی ئاگادار بن سەبارەت بە داواکاریەکەت.

## مافی ئاگادارکردنەوەت هەیە و داوای ڕاوێژکاری یاسایی بێ بەرامبەر بکەیت



لە کاتی ڕێکاری پەنابەریدا دەتوانیت داوای ڕاوێژکاری یاسایی بێبەرامبەر (ڕوونکردنەوە) بکەیت. ئەمەش ڕاوێژکاری یاسایی دەگرێتەوە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە پێشکەشکردنی داواکارییەکەت.

ڕاوێژکاری یاسایی بە مانای ئەوە دێت کە تۆ دەتوانیت ڕوون کردنەوە وەربگریت لەسەر:

- ئەرک و مافەکانت
- ڕێکارە جیاوازەکان
- بابەتە یاساییەکان

ئایا تۆ لە سەنتەری پێشوازیت و حەز دەکەیت ڕاوێژکاری یاسایی؟ بڕۆ بۆ لای ئەندامێکی ستافی IND، کە دڵنیا دەبێتەوە کە پەیوەندیت لەگەڵ کەسێکدا هەیە کە ڕاوێژکاری یاسایی پێشکەش دەکات.

ئایا حەزت لە ڕاوێژکاری یاساییە بەڵام لە سەنتەری پێشوازی نیت؟ یان حەز دەکەیت زیاتر دەربارەی ڕاوێژکاری یاسایی بزانیت؟ سەردانی www.ind.nl/en/asylum بکەن.

## دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە دەزگای پەنابەری نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)یان ڕێکخراوەکانی تر.




دەتوانیت پەیوەندی و پەیوەندیکردن لەگەڵ UNHC و ڕێکخراوە هاوبەشەکانیان بکەن لە هەر هەنگاوێکی ڕێکارەکانی پەنابەریدا بێت.

UNHCR ماف و بەرژەوەندییەکانی پەناخوازان و پەنابەران دەپارێزێت. UNHCR و ڕێکخراوە هاوبەشەکانیان هەروەها زانیاری و یارمەتی دەستەبەر دەکات بۆ پەناخوازان.

وردەکارێکانی پەیوەندیکردن و زانیاری UNHCR لەسەر ڕێکاری پەنابەرێکە دەتوانیت لە وێب پەیجی UNHCR بدۆزیتەوە https://help.unhcr.org.

ڕێکخراوی هاوکاری پەنابەران (VWN) لەوانەیە زانیاری و یارمەتی بێ بەرامبەرت بۆ دەستەبەر بکات.

دەتوانیت پەیوەندی بە هەر ڕێکخراوێکەوە بکەیت کە ڕاوێژکاری یاسایی یان ڕاوێژکاری تر دەستە بەر دەکات بۆ داواکاران.

## ئەرکەکانت چین؟

### پابەند بوون بە یاساکانی وڵاتەکەوە



### بمێنەرەوە لەو وڵاتەی کە داواکاریەکەت پێشکەش کردووە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی.




هەوڵ مەدە بچیتە وولاتێکی دیکەی یەکێتی ئەورووپا. ڕێگە پێدراویت بچیتە وولاتێکی دیکەی یەکێتی ئەورووپا ئەگەر مۆڵەتت پێدرابوو بۆ کردنی ئەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە.

### دڵنیابە دەسەڵاتداران دەتوانن بگەنە دەستت و کە دەتوانیت کاتەکانت بپارێزیت.




دەبێت خۆت ئامادەی هەموو چاوپێکەوتنەکان بیت هەر کات داوات لێ کرا کە ئەنجامی بدەیت لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە. دەبێت لەکاتی خۆیدا لەوێ بیت. ئەگەر نەتوانی ئامادەی چاوپێکەوتن بیت بە هۆی هۆکارێکی جددی، دەست بەجێ ئاگاداری دەسەڵاتداران بکەرەوە و هۆکارەکەی ڕوون بکەرەوە.

## هاوکاریکردنی تەواوی دەسەڵاتداران



ئەگەر داواکرا، دەبێت ئەمانەی لای خوارەو ئەنجام بدەیت:

- وردەکاریە تایبەتەکانت دەستەبەر بکە.




- دابین کردنی دۆکیومێنتەکانی پێناسەکردن. ئەگەر پێت نەبوون، هۆکارەکەی ئاشکرا بکە.



- وێنەو پەنجە مۆرت وەردەگیرێن.



- ناردنی داواکاریەکەت لە بەروارو شوێنی دیاریکراودا.
- ئامادەبوونی چاوپێکەوتنی تایبەتی و وەڵامدانەوەی پرسیارکان لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا.



- ڕازی بوون کە پشکنینت بۆ بکرێت لەگەڵ شت و مەکەکاندا، ئەگەر دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان داوایان کرد. پشکنینەکە تەنها لەو شوێنانەدا ڕوودەدات کە پێویست و ڕەوا بێت. دەسەڵاتدارەکە هۆکارەکانی پشکنینەکە ڕوون دەکاتەوە. پشکنینەکە ئەنجام دەدرێت لە لایەن کەسێکەوە لە هەمان ڕەگەزی وەکو خۆت و بەشێوەیەک ئەنجام دەدرێت کە کەرامەتت پارێزراو بێت.

## ڕاستیەکان بڵێ



ئەوەی کە دەیڵێیت زۆر گرنگە بۆ متمانە پێکردنی داواکاریەکەت. ئەمە لەبەر ئەو هۆیە کە دەبێت ڕاستگۆ بیت و زانیاری تەواوو دروست بدەیت سەبارەت بە پێناسەت، وڵاتی ڕەسەنت، ئەو هۆکارانەی کە وایکرد وڵاتی خۆت جێبهێڵیت و بۆ ناتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەوێ.

لەوانەیە هەموو شتێکت بیر نەمابێت لەبەر ئەوە دەکرێت نەتوانیت وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەیتەوە. لەم حاڵەتەدا، داهێنان بۆ وەڵامەکان مەکە تەنها ڕوونی بکەرەوە کە بیرت نیە.

## ووردەکاریی پەیوەندیکردنی ڕاست و بەردەست دەستەبەر بکە



دەبێت دەسەڵاتداران بتوانن پێت بگەن سەبارەت بە داواکاریەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی.

ئەگەر ناونیشانت، ئیمەیڵ یان ژمارەی تەلەفۆنت گۆڕا، ئاگاداری دەسەڵاتداران بکەرەوە دەست بەجێ.

**لەبیرت بێت، نابێت لە هۆڵەندا بڕۆیت کاتێک داواکاریەکەت پشکنینی بۆ دەکرێت..**

ئەگەر خرایتە سەنتەرێکەوە، نابێت بچیتە هیچ شوێنێکی دیکە بەبێ ڕەزامەندێتی دەسەڵاتداران.

## هەموو زانیاری و دۆکیومینتەکانت پێشکەش بکە کە پاڵپشتی دەکات لە داواکاریەکەت بۆ

ئەگەر دۆکیومێنتی پێناسەت هەبوو، دەبێت بە زووترین کات پێشکەشیان بکەیت.

دەبێت هەر زانیاریەکی تر و دۆکیومێنتێک کە لەوانەیە یارمەتی دەسەڵاتداران بدات بۆ ئەوەی پیاجوونەوە بۆ داواکاریەکەت بکەن پێشکەش بکەیت یان بڕیاردانی ئەو وولاتەی لێپرسراوە لە پشکنینەکەی داواکاریەکەت. دەکرێت ئەو دۆکیومێنتانە بۆ نموونە، پاسپۆرتێک، بڕوانامەی هاوسەرگیری، سجلی خێزان، کارتی پێناسەی سەربازی، بەڵگەی دامەزرانن، کارتی ئەندامێتی پارتێکی سیاسی، بروانامەکان، ڕاپۆرتی پۆلیس و دادگا، وێنەو دۆکیومێنتە سایکۆلۆژی و پزیشکێکان.

پێویست ناکات دۆکیومێنتەکانت پێشکەش بکەیت کە تەنها زانیاری گشتی تێدایە سەبارەت بە وولاتەکەت. دەسەڵاتدارانی پەنابەری ئاگاداری بارودۆخەکەن لە وولاتەکەتدا.




لە کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکەت، پێویستە بە زووترین کات هەموو زانیاری و بەڵگەنامەکان پێشکەش بکەیت. ئەگەر بەڵگەنامەکانت دەستبەجێ لەبەردەستدا نەبوو، پێویستە هەر کە لەبەردەستتدا بوو پێشکەشی بکەیت.

سەردانی www.ind.nl/en/asylum بکەن. لەوێ دەتوانیت چۆنیەتی پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکانت بخوێنیتەوە.

دەبێت کۆپی ئەسڵی دۆکیومێنتەکان پێشکەش بکەیت، ئەگەر توانرا. نابێت هیچ دۆکیومێنتێکی پێناسەکردن بدڕێنیت یان فڕیان بدەیت. نابێت هیچ دۆکیومێنتێکی پەیوەندیدار ڕابگریت. هەرگیز نابێت دۆکیومێنتی ساختە یان تەزویر کراو پێشکەش بکەیت.

ئەگەر کرا، و تا ئەو ڕادەیەی کە ئەمە مەترسی دروست نەکات، داوا لە هاوڕێیان و خزم و کەس و کار بکە کە دۆکیومێنتەکانت بۆ بنێرن.

## ئەو دەرئەنجامانە چین ئەگەر پابەند نەبوویت بە ئەرکەکانەوە؟

### ڕێکارەکانی پەنابەرێکەت دەوەستێنرێت.






داواکاریەکەت **دەکشێنرێتەوەو ڕەت دەکرێتەوە.** ئەمە بە مانای ئەوە دێت لەوانەیە پێگەی خۆت لە دەست بدەیت وەکو داواکارێک بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و هەموو مافە پەیوەندیدارەکان.

ئەمە کاتێک ڕوودەدات ئەگەر یەکێک لەمانەی لای خوارەوە ڕەت بکەیتەوە:

- دەستەبەرکردنی زانیاری کاتێک داوات لێ بکرێت.
- وەرگرتنی پەنجە مۆرو وێنەی فۆتۆگرافی
- دەستەبەرکردنی ناونیشانت
- وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە لە کاتی چاوپێکەتنە تایبەتەکەدا.

هەروەها ڕوودەدات ئەگەر:

- داواکاریەکەت نەنێریت لەو کاتەی دانراوە بۆی بەبێ هەبوونی هۆکارێکی جددی.
- ئامادەنەبوونت لە چاوپێکەوتنی تایبەتەکەدا بەبێ هەبوونی هۆکارێکی جددی.
- ڕاپۆرت نەدان بە دەسەڵاتداران کاتێک داوات لێ بکەن.
- جێهێشتنی ئەو شوێنەی بۆیان دانابوویت کە بمێنیتەوە تیایدا.
- دەسەڵاتداران نەتوانن بگەن پێت.
- جێهێشتنی وڵاتەکە.

هەروەها دەتوانیت داواکاریەکەت بکشێنیتەوە لە هەر کاتێکدا بێت لە ماوەی ڕێکارەکانی پەنابەریدا، بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی بڕیارت داوە بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت. لەم حاڵەتەدا، پێگەکەی خۆت لەدەست دەدەیت وەکو داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی.

## هەندێ جۆری یارمەتی پێشوازی و خزمەتگوزاری لەوانەیە کەم بکرێتەوە یان ڕەت بکرێتەوە



لە هەندێک بارودۆخدا، دەزگای ناوەندی بۆ پێشوازیکردن لە پەناخوازان ( COA) یان ڕێکخراوێکی دیکەی پێشوازیکردن لەوانەیە بڕیار بدات کە هەندێک جۆری پشتگیری پێشوازی یان هەندێک خزمەتگوزاری پێشوازی سنووردار بکات یان ڕابگرێت. دەسەڵات دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی تۆ بە نووسراو لە بڕیارێکی لەو شێوەیە ئاگادارت دەکاتەوە.

## لەوانەیە داواکاریەکەت بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەر ببێت

ئەگەر زانیاری هەڵەو چەواشە کاری دەستەبەر بکەیت کە پەیوەندی بە پێناسەتەوە یان داواکاریەکەتەوە هەبێت، یان ئەگەر دۆکیومێنتەکان بدڕێنیت یان تەزویر بن، ئەمە دەکرێت کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر داواکاریەکەت، بۆ نموونە وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێ دراوە.



- لەوانەیە داواکاریەکەت ڕەت بکرێتەوە و پاراستنی نێودەوڵەتی بەدەست نەهێنیت.

- دەکرێت داواکارێکەت پیاچوونەوەی بۆ بکرێت لە ڕێکاری سنووری پەنابەریدا. (ئەگەر ئەمە ڕوویدا، زانیاری دیاریکراو وەردەگریت لەسەر ڕێکارەکە).
- ڕەنگە داواکاریەکەت خێراتر بکرێت. لەم حاڵەتەدا، کاتی پشکنینی داواکارێکەت کەم دەکرێتەوە بۆ 3 مانگ. هەروەها ڕێکاری خێراکردن دەکرێت بۆ هەندێ هۆکاری دیاریکراوی دیکەش ئەنجام بدرێت. IND ئاگادارت دەکەن و ڕوونکردنەوەی زیاتریش دەدەن ئەگەر ڕێکاری بەرزکردنەوەی بەسەردا جێبەجێکرا.

دەتوانرێت پاراستنی نێودەوڵەتیت لێبسەنرێتەوە ئەگەر دەسەڵاتداران دوایی بۆیان دەرکەوت کە ڕاستیت نەوتووە لە ماوەی ڕێکارەکانی پەنابەریدا.

## چۆن دەسەڵاتداران ڕەچاوی پێداویستیە تایبەتەکان دەکەن؟




دەبێت دەست بەجێ ئاگاداری دەسەلاتداران بکەیتەوە ئەگەر هەر یارمەتیەکی تایبەتت پێویست بوو. ئەم پێداویستیانە لە چەند بارودۆخێکی جیاوازدا سەرهەڵئەدات وەک سک پڕی، نەخۆشی یان تووش بوونی حاڵەتی سایکۆلۆژی، توندوتیژی سێکسی و جەستەیی.

دەسەڵاتداران بارودۆخەکەت هەڵدەسەنگێنن و لەوانەیە یارمەتی زیاتریشت بۆ دەستە بەر بکەن بە مەبەستی ئاسانکردنی بەشداریکردنت لە ڕێکارەکانی پەنابەریدا. بۆ نموونە، لەوانەیە ستافی شارەزا تەرخان بکەن بۆ کەیسەکەت یان درێژی ڕێکاری پەنابەریت ڕێک بخەن.

## پشکنینی تەندروستی



دەکرێت دەسەڵاتداران داوات لێ بکەن پشکنینێکی تەندروستی ئەنجام بدەیت سەبارەت بە نیشانەکانی تاوان کاری لە کۆندا یان ئازاردانی جددی. پشکنینەکە بێ بەرامبەرە و داوات لێ دەکرێت ڕەزامەندی خۆتی لەسەر بێت. ئاگاداری ئەنجامەکانی پشکنینەکە دەکرێیتەوە، کە لەبەر چاو دەگیرێت لە هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەتدا. ئەگەر هیچ پشکنینێک داوانەکرابوو لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، لەوانەیە داوای پشکنینەکەت لێ بکرێت لەسەر حیسابی خۆت.

## چی دەبێت ئەگەر بتەوێت بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت؟

لە هەر کاتێکدا لە ماوەی ڕێکارەکانی پەنابەریدا، دەتوانیت بریا بدەیت بۆ گەڕانەوە بە وویستی خۆت بۆ:

- وڵاتی خۆت یان
- وڵاتێکی ترانزێت یان وڵاتێکی لایەنی سێهەم، ئەگەر مافی ئەوەت هەبوو بیکەیت.

ئەگەر بڕیارت دا بە وویستی خۆت بگەڕێیتەوە، ڕێکارەکانی پەنابەرێکەت دەوەستێنرێت و چیتر مافی مانەوەت نامێنێت لە هۆڵەندی

ئەگەر دەتەوێت بە ئارەزووی خۆت بگەڕێیتەوە، تکایە پەیوەندی بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە (IOM). بکە لە www.iom-nederland.nl یانیش پەیوەندی بە خزمەتگوزاری گەڕانەوە و ڕۆشتن (DTenV) بکە. DTenV دەزگای حکومییە کە بەرپرسیارە لە گەڕانەوە و دەتوانێت هاوکاریت بکات لە ڕۆشتنت لە هۆڵەندا. ئایا دەتەوێت زیاتر بزانیت کەی دەبێت بڕۆن و چ بژاردەیەک لەبەردەستدایە؟ پاشان تکایە سەردانی www.dienstterugkeerenvertrek.nl/support بکەن. دەتوانن ڕێنمایی و هاوکاری وەربگرن بۆ گەڕانەوەی سەلامەت و یاسایی.



## دڵنیا بوونەوە لە وەرگرتنی زانیاری

بەرپرسێک داوات لێ دەکات کە پشتڕاستی ئەوە بکەیەتەوە کە ئەم زانیارییەت پێ گەیشتووە.
ئەگەر شتێک تینەگەیشتیت یان ئەگەر پرسیاری ترتان هەبوو، دەتوانن هەمیشە پرسیار بکەن.

Immigratie- en Naturalisatiedienst
Ministerie van Justitie en Veiligheid

EUAA
EUROPEAN UNION
AGENCY FOR ASYLUM

ئەم بڕۆشەرە تەنها بۆ مەبەستی زانیارییە. خۆی لە خۆیدا هیچ ماف یان بەرپرسیارێتییەک نابەخشێت. ئاژانسی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پەنابەری (EUAA) ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەم نووسراوەی دابین کردووە، و بەرهەمهێنانەوە یان دەستکاریکردنی ئەم بڕۆشەرە لەلایەن EUAA تەنها بۆ وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا ڕێپێدراوە. EUAA هیچ بەرپرسیارێتییەک یان گرتنەئەستۆیەک ناگرێتە ئەستۆ پەیوەست بە وردێتی، ناوەڕۆک، تەواوێتی، یاسایی بوون یان جێمتمانەیی ئەو زانیارییەی کە لەلایەن وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا یان هەر لایەنێکی سێیەمی بەرپرسی تر خراوەتە ناو ئەم بڕۆشەرەوە. نە EUAA هیچ کەسێک کە لە جیاتی EUAA لێپرسراونییە لە بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەی لەم ناميلکەیەدا دەیدۆزیتەوە.

© ئاژانسی یەکێتیی ئەورووپا بۆ پەنابەری، 12 juni 2026